# وانەی ٨٧: ڕۆحی پیرۆز هاتە خوارەوە!

کرداری نێردراوان ١ و ٢

لە چەن دیراسەتی ڕابردووماندا لە ئینجیل، گوێمان لێ بوو چۆن پەروەردگار عیسا هەموو ئەوەی پێغەمبەرانی خودا نووسیبویان زۆر لەوە پێش جێ بە جێی کرد سەبارەت بە مردنی مەسیح و هەڵسانەوەی. خوێندمانەوە کە عیسا خوێنی پیرۆزی خۆی ڕشت لەسەر خاچەکەی پێوەی بە بزمار هەڵواسرابوو، بۆ ئەوەی قەردی گوناهەکانی نەوەکانی ئادەم بداتەوە. هەروەها بینیمان لە خاچەکە لێکرایەوە و خرایە گۆڕەوە. بەڵام، لە ڕۆژی سێیەم خودا لە مردن هەڵیساندەوە! لەپاش ئەوەی عیسا هەڵسایەوە، بەدەرکەوت بۆ قوتابییەکانی بۆ ماوەی چل ڕۆژ و بۆیانی سەلماند کەوا بە ڕاستی لە ژیاندایە. پاشان لە وانەی پێشووماندا، بینیمان عیسا سەرکەوتە ئاسمان کاتێ قوتابییەکانی تەماشای سەرەوەیان دەکرد.

لەبیرتە دوایەمین شت چی بوو کە عیسا فەرمانی بە قوتابییەکانی کرد پێش ئەوەی سەرکەوێتە ئاسمان؟ با دووبارە بخوێنینەوە چی فەرموو: (کرداری نێردراوان ١) [4] کاتێ پێکەوە نانیان دەخوارد، ڕایسپاردن: (ئۆرشەلیم بەجێ مەهێڵن، بەڵکو چاوەڕێی بەڵێنەکەی باوک بکەن کە لە منەوە بیستتان. [5] چونکە یەحیا خەڵکی لە ئاو هەڵدەکێشا، بەڵام ئێوە پاش چەند ڕۆژێکی کەم بە ڕۆحی پیرۆز باپتیز دەکرێن... [8] بەڵام کاتێ ڕۆحی پیرۆزتان دێتە سەر هێز وەردەگرن، بۆ من دەبنە شایەت، لە ئۆرشەلیم و هەموو یەهودیا و سامیرە، تاکو ئەوپەڕی زەوی.) [9] ئەمەی فەرموو و ئەوانیش تەماشایان دەکرد، بەرزکرایەوە، هەورێک لەبەرچاویان شاردییەوە. [10] کاتێ ئەو دەڕۆیی، ئەوان سەرنجیان لە ئاسماندا بوو، ئەوەبوو دوو پیاو بە جلی سپییەوە لەلایانەوە ڕاوەستاون. [11] پێیان وتن: (جەلیلییەکان، بۆچی ڕاوەستاون سەیری ئاسمان دەکەن؟ ئەم عیسایە، کە لەنێوانتاندا بۆ ئاسمان بەرزکرایەوە، چۆن بینیتان دەچووە ئاسمان، ئاواش دێتەوە.)

بەو شێوەیە عیسا جیابووەوە لە قوتابییەکانی و گەڕایەوە بەهەشت بۆ ئەو شوینەی لێی هاتبوو و لە دەستە ڕاستی پایەبەرز دانیشت لە بڵندی. ئەمڕۆ ئەو لەوێیە و چاوەڕوانی ئەو ساتەیە کە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی دادوەری جیهان بکات لە ڕاستودرووستی.

سەرنجت دا عیسا فەرمانی چی دا بە قوتابییەکانی پێش ئەوەی بچێتە ئاسمان؟ فەرمانی پێیان دا لە ئۆرشەلیم بمینێنەوە تا ئەو ڕۆژەی ڕۆحی پیرۆز دێتە سەریان، کەوا دەبوایە لە ئاسمانەوە بێت. ڕەنگە هەندێکتان هێشتا بپرسن: ئەم ڕۆحە پیرۆزە کێیە؟ ڕۆحی پیرۆز ڕۆحی خودایە و ڕۆحی عیسایە. یەك لەلای خودای باوکە و لای عیسای کوڕ، لەگەڵ ئەوەشدا جیاوازە لەوان. ئەو بوونی هەبوو لەگەڵ خودا لە سەرەتا کاتێ خودا جیهانی بەدی هێنا. ئەو ڕۆحەیە کەوا هانی پێغەمبەرانی دا ئەو ووشەیەی خودا بنوسن و ڕایگەێنن لە کاتی خۆی. ڕۆحی پیرۆز ڕۆحی باڵادەسترین کەسە کەوا دابەزیە سەر پاکیزەیەك بەناوی مەریەم و وای کرد سکی پڕ بێت و عیسای مەسیحی پیرۆزی ببێت. ئەو ئەو ڕۆحەیە کە لە عیسای مەسیحدایە. هەروەها، ڕۆحی پیرۆز یارمەتیدەرەکەیە، ئەوەی عیسا بەڵێنی پێ دا بە قوتابییەکانی کاتێ فەرمووی، (منیش داوا لە باوک دەکەم یارمەتیدەرێکی دیکەتان بداتێ کە تاهەتایە لەگەڵتان بمێنێتەوە، ڕۆحی ڕاستی، کەوا جیهان ناتوانێت وەری بگرێت، چونکە نایبینێت و نایناسێت. بەڵام ئێوە دەیناسن، چونکە لەگەڵتان دەمێنێتەوە و لە ئێوەدا دەبێت.) (یۆحەنا ١٤: ١٦، ١٧)

ئەوەی عیسا بەڵێنی بە قوتابییەکانی دا سەبارەت بەم (یارمەتیدەری) وا دەهات گرنگە بۆمان لێی تێبگەین، لەبەر ئەوەی هەندێ کەس دەیانەوێ باوەڕ بە خەڵکی بێنن کە عیسا هاتنی پێغەمبەرێکی تری ڕادەگەیاند. بەڵام ئەو یارمەتیدەری پەروەردگار عیسا بەڵێنی هاتنی دا ناکرێ مرۆڤ بێت، لەبەر ئەوەی عیسا بەڕوونی فەرمووی کە ئەو یارمەتیدەرە ڕۆحێکی پاك بوو، و کەس ناتوانێ بیبینێ، و تاهەتا لەناو قوتابییەکانی مەسیح دەژێ. باشە ئەم ڕۆحی پیرۆزە کێیە؟ ئەو ڕۆحەیە کە خودا جێگیری دەکات لەناو دڵی هەموو

ئەوانەی باوەڕ بە مەسیح دێنن. ئەو دووبارە دەیانهێنێتە کایەوە، پاکیان دەکاتەوە، بە هێزیان دەکاتەوە، نیشانەیان لێ دەدات وەك هی خۆی و بەشێکیان دەداتێ لە حزووری خۆی تاهەتا.

ئێستاش دەبینین چۆن خودا ڕۆحی پیرۆزی خۆی بەسەر قوتابییەکانی عیسادا هێنا لە ڕۆژی پەنجایەمین فیستڤاڵێك بوو خودا دایمەزراندبوو بۆ گەلی ئیسرائیل لە کاتی پێغەمبەر موسا. دەتوانن دەربارەی ئەوە لە تەورات بخوێننەوە. لەم ڕۆژەدا گەلی ئیسرائیل سوپاس گوزاری خودا دەکەن بۆ ئەو خێروخۆشییەی پێیانی بەخشیوە لە کاتی دروێنەی گەنم و جۆ. بەڵام، مانایەکی گرنگتر هەبوو لە فیستڤاڵی پەنجایەمیندا. پەنجایەمین ئەو ڕۆژە بوو کە خودا زۆر لەوە پێش هەڵبژاردبوو بۆ ئەوەی ڕۆحی پیرۆز بنێرێتە خوارەوە و لەناو هەموو ئەوانەی باوەڕ بە مەسیح دێنن بژێت. وەك چۆن فیسڤاڵی پەنجایەمین پەنجا ڕۆژ لەپاش جەژنی پەسخە بوو، بۆیە خودا پلانی دانا ڕۆحی پیرۆز بنێرێتە خوارەوە لەپاش پەنجا ڕۆژ لە مردنی مەسیح و دووبارە هەڵسانەوەی.

ئێستاش با بەردەوام بین لە خوێندنەوەی ووشەی خودا بۆ ئەوەی بزانین چی ڕوویدا لەپاش ئەوەی عیسا قوتابییەکانی بەجێ هێشت و گەڕایەوە ئاسمان. نووسراوی پیرۆز دەفەرموێ:

(کرداری نێردراوان ١) [١٢] ئینجا لەو کێوەی پێی دەووترا زەیتوون گەڕانەوە ئۆرشەلیم کە بەقەد ڕۆیشتنێکی شەممە لە ئۆرشەلیم نزیک
بوو . [١٣] کاتێ چوونە ژوورەوە، چوونە ژوورەکەی سەرەوە کە تیایدا دەمانەوە، پەترۆس و یۆحەنا و یاقوب، ئەندراوس و فیلیپۆس و
تۆماس، بەرتۆلماوس و مەتا و یاقوبی کوڕی حەلفا، شیمۆنی دڵگەرم و یەهوزای برای یاقوب. [١٤] هەموو بە یەک دڵ بەردەوام بوون
لەسەر نوێژکردن، لەگەڵ ژنەکان و مریەمی دایکی عیسا و برایانی.
(کرداری نێردراوان ٢) [١] کە ڕۆژی پەنجایەمین داهات، هەموو پێکەوە لە یەک شوێندا بوون، [٢] لەناکاو دەنگێک لە ئاسمانەوە وەک
ڕەشەبا هات، ئەوماڵەی پڕکرد کە تیایدا دانیشتبوون. [٣] ئینجا چەند زمانێکی دابەشبوو وەک ئاگر بۆیان دەرکەوت و لەسەر
هەریەکەیان نیشتەوە. [٤] جا هەموویان پڕبوون لە ڕۆحی پیروز و دەستیان پێ‌کرد بە زمانەکانی دیکە بدوێن، وەک ڕۆح پێی بەخشین.
[٥] لەو کاتەدا جولەکەی لەخواترسی هەموو نەتەوەکانی ژێر ئاسمان لە ئۆرشەلیم مابوونەوە. [٦] کاتێ دەنگەکە هات، خەڵک کۆبوونەوە و
بووە پەشێوی، چونکە هەریەکەیان گوێی لە زمانی خۆی دەبوو پێی دەدووان. [٧] حەپەسابوون و بە سەرسامییەوە وتیان: (باشە هەموو
ئەوانەی قسە دەکەن جەلیلی نین؟ [٨] ئەی چۆن هەریەکەمان گوێی لە زمانی خۆی دەبێت کە لێی لەدایک بووە؟ [٩] ئێمەی خەڵکی
پەرتیا و میدیا و ئیلامی، دانیشتووانی میسۆپۆتامیا، یەهودیا و کەپەدۆکیا، پۆنتۆس و ئاسیا، [١٠] فریجیا و پەمفیلیا، میسر و ناوچەکانی
لیبیای ڕووەو کوریَن، هەروەها لایەدەکانی ڕۆما - [١١] جولەکە و بەجولەکەبوو - کریتی و عەرەب، ئەوەتا گوێمان لێیانە بە زمانی خۆمان
باسی کرداره مەزنەکانی خودا دەکەن.) [١٢] هەموو سەرسام و حەپەسا بوون، بە یەکتریان دەووت: (دەبێ ئەمە مانای چی بێت؟)
[١٣] هەندێکی دیکە بە گاڵتە پێکردنەوە دەیانووت: (شەرابی نوێیان زۆر خواردۆتەوە.)
[١٤] پەترۆس لەگەڵ یازدەکە ڕاوەستا، دەنگی بەرزکردەوە و پێی ڕاگەیاندن: (ئەی پیاوانی جولەکە و هەموو ئەوانەی لە ئۆرشەلیم
دانیشتوون، با ئەمە لەلاتان زانراو بێت و گوێ لە قسەکانم بگرن، [١٥] چونکە وەک بیردەکەنەوە ئەمانە سەرخۆش نین، لەبەر ئەوەی
کاتژمێر نۆی بەیانییە! [١٦] بەڵکو بەهۆی یۆئێل پێغەمبەر وتراوە: [١٧] {خودا دەفەرمووێ، لە ڕۆژانی کۆتاییدا ڕۆحم بەسەر هەموو مرۆڤدا
دەڕێژم. کوڕان و کچانتان پێشبینی دەکەن... [٢١] جا هەر کەسێک بە ناوی خوداوەندەوە بپاڕێتەوە، ڕزگاری دەبێت.} [٢٢] پیاوانی
ئیسرائیل، گوێ لەم قسانە بگرن: عیسای ناسیرەیی پیاوێکە بۆتان سەلمێندرا، بە پەرجو و کاری سەیر و نیشانە لەلایەن خوداوە
لایەنگری کراوە، کە خودا بەهۆی ئەو لەنێوانتان ئەنجامی دا، وەک خۆتان دەزانن. [٢٣] ئەم بەگوێرەی خواستی بڕیارلەسەردراو و زانینی
پێشووی خودا داتانە دەست، بە دەستی گوناهباران لە خاچتان دا و کوشتتان. [٢٤] ئەوەی خودا هەڵیستاندەوە و لە ژانی مردن ئازادی
کرد، لەبەر ئەوەی نەدەکرا لە چنگیدا بمێنێتەوە. [٢٥] چونکە داود باسی دەکات: {هەمیشە خوداوەندم لەبەردەمم دەبینی، ئەو لەلای
دەستەڕاستمەوەیە، ناهەژێم.[٢٦] بۆیە دڵشادم و زارم لە هەلهەلە دایە، تەنانەت جەستەم لە هیوادا نیشتەجێیە، [٢٧] چونکە تۆ گیانم لە

جیهانی مردووان‌دا بەجێ ناهێڵیت، هەروەها ناهێڵیت تاقانەی پیرۆزی خۆت بۆگەنی ببینێت. ٢٨ ڕێگاکانی ژیانت پێ ناساندم، لە
ئامادەگیت دڵم پڕی شادی دەکەیت.}
٢٩ برایان، ڕێگا دراوە بە ئاشکرا پێتان بڵێم کە داودی باوکمان مرد و نێژرا، گۆڕەکەشی تاکو ئەمڕۆ لەلامانە. ٣٠ ئەویش کە پێغەمبەر
بوو، دەیزانی خودا بە سوێند سوێندی بۆ خواردووە کە لە بەری پشتی ئەو لەسەر تەختەکەی دادەنیشێت. ٣١ پێشبینی کرد و باسی
هەڵستانەوەی مەسیحەکەی کرد، نە لە جیهانی مردووان‌دا بەجێ هێڵدرا و نە جەستەشی بۆگەنی بینی. ٣٢ ئەم عیسایە خودا
هەڵیستاندەوە، ئێمەش هەموومان شایەتین بۆی. ٣٣ ئینجا بۆ لای دەستەڕاستی خودا بەرزکرایەوە کە بەڵێنی ڕۆحی پیرۆزی لە
باوکەکەوە وەرگرت، ئەمەی ڕژاند کەوا ئێوە دەیبینن و دەیبیستن. ٣٤ داود بۆ ئاسمان بەرز نەکرایەوە، بەڵکو خۆی دەڵێت: {خوداوەند
بە خوداوەندمی فەرموو: لە دەستەڕاستم دانیشە ٣٥ تاکو دوژمنانت بخەمە تەختەپێ بۆ پێیەکانت.}
٣٦ بۆیە با هەموو ماڵی ئیسرائیل بە دڵنیایی بزانن، ئەو عیسایەی ئێوە لە خاچتان دا، خودا کردییە مەسیح و خوداوەند.) ٣٧ کاتێ گوێیان
لێبوو، کاری کردە سەر دڵیان، بە پەترۆس و نێردراوانی دیکەیان وت: (برایان، چی بکەین؟) ٣٨ پەترۆس وەڵامی دانەوە: (تۆبە بکەن،
با هەریەکەتان بە ناوی عیسای مەسیحەوە لە ئاو هەڵبکێشرێت بۆ لێخۆشبوونی گوناهەکانتان و دیاری ڕۆحی پیرۆز وەردەگرن.
٣٩ چونکە بەڵێنەکە بۆ خۆتان و منداڵەکانتان و بۆ هەموو ئەوانەی دوورن - بۆ هەموو ئەوانەی کە خوداوەندی خودامان بانگییان
دەکات.) ٤٠ بە زۆر قسەی دیکەش ئاگاداری کردنەوە و لێیان پاڕایەوە: (خۆتان لەم نەوە لار و چەوتە ڕزگار بکەن.) ئامین.

بە کورتی، نێردراو پەترۆس بانگەوازی بۆ خەڵکەکە کرد لە ئۆرشەلیم کەوا خودا عیسای مەسیحی نارد، هەروەك زۆر لەوە پێش بەڵێنی دابوو لە زاری پێغەمبەرانیەوە. پەترۆس پێیانی ووت: ئێوە قێزتان لە مەسیح بووەوە کەوا خودا ناردی لە ئاسمان! کوشتتان بە لە خاچ دانی، بەڵام خودا لە مردن هەڵیساندەوە! هەموومان شایەتی ئەوەین! خودا عیسای بەرز کردەوە دەستە ڕاستی و ڕۆحی پیرۆزی نارد کە بەڵێنی پێ دابوو! تۆبە بکەن و بگەڕێنەوە لای خودا! باوەڕ بە پەیامی پێغەمبەرانی خودا بێنن! باوەڕ بە عیسا بێنن کەوا خودا دەست نیشانی کرد بۆ ئەوەی ببێ بە ڕزگاری دەر و دادوەری جیهان! (هەموو پێغەمبەران شایەتی بۆ دەدەن کە هەر کەسێک باوەڕی پێ بهێنێت، بەخشینی گوناهەکانی بە ناوی ئەو دەست دەکەوێت!) (کرداری نێردراوان ١٠: ٤٣)

بەو شێوەیە پەترۆس نێردراوی مزگێنی خۆشی ڕزگاربوون ڕاگەیاند لە ڕێگای باوەڕ هێنان بە عیسای مەسیح. کاتێ خەڵکەکە گوێیان لە ووشەکانی پەترۆس بوو، هەستیان بە ئازارێکی زۆر کرد لە دڵیان لەبەر ئەوەی ئێستا زانیان کە عیسای ناسیرە، ئەوەی لە خاچیان دا، پەروەردگاری شکۆیە لە ئاسمانەوە! ئەم عیسایەی وا سووکایەتیان پێ دەکرد و ڕقیان لێ بووەوە مەسیح بوو کەوا خودا بەڵێنی هاتنی دابوو زۆر لەوە پێش لەسەر زاری پێغەمبەرەکانی! بۆیە لەو ڕۆژەدا زۆریان تۆبەیان کرد لە گوناهەکانیان و ڕوویان لە خودا کرد و باوەڕیان هێنا بەناوی پەروەردگار عیسای مەسیح. ئەم قوتابییە نوێیانە لە ئاو هەڵکێشران بۆ ئەوەی گەواهی لەپێش خەڵك بدەن کەوا لە گوناهەکانیان پاك کرانەوە لە گوناهەکانیان بە باوەڕ هێنان بە مردن و ناشتن و هەڵسانەوەی عیسای مەسیح. لە ئاو هەڵکێشان گوناهەکانیانی نەسڕیەوە، ئەوە تەنها هێمای پاککردنەوەی ڕووی دەرەوە بوو کەوا ڕووی دا لەناو دڵی ئەوان.


و بەو شێوەیە، نووسراوی پیرۆز دەفەرموێ: ئەوانەی کە قسەکەیان وەرگرت لەئاوهەڵکێشران، لەو ڕۆژەدا نزیکەی سێ هەزار کەس هاتنە پاڵ. ئیتر ئەوان پەیوەستبوون لەسەر فێرکردنی نێردراوان و هاوبەشییەتی، لەتکردنی نان و نوێژکردن... قوتابییەکانیش پڕدەبوون لە خۆشی و لە ڕۆحی پیرۆز. (کرداری نێردراوان ٢: ٤١، ٤٢ و ١٣: ٥٢)

بەو شێوەیە، لەو ڕۆژی پەنجایەمین، کلێسە {کۆمەڵەی ئەوانەی باوەڕیان بە عیسای هەیە} لەدایك بوو. کلێسای عیسا بینایە نیە یاخود ئایین نیە. ووشەی کلێسا بە یۆنانی (ئیککلیسیا)یە و بە مانای (ئەوانەی بانگ هێشت کراون) دێت. وەك چۆن ئەمڕۆ باوەڕداری ڕاستەقینە و باوەڕداری ساختە هەیە لە جیهان، کلێسای ڕاستەقینە و کلێسای ساختە هەیە. کلێسای ڕاستەقینەی عیسای مەسیح

پێکهاتووە لە هەموو ئەوانەی لە ڕۆژی پەنجایەمینەوە گوازرانەوە لە خێزانی ئادەمەوە بۆ خێزانی عیسای مەسیح بە باوەڕی ڕاستەقینە بە قوربانی ئەنجام دراوی تەواوی مەسیح.

ڕووداوەکانی پەنجایەمین ئەمڕۆ جوێندومان نزیکەی دوو هەزار ساڵ لەمەو پێش ڕووی دا. ڕەنگە ئەمە وا لە هەندێ کەس بکات بڵێن، (ئەمە هیچ پەیوەندی بە منەوە نیە! من یەکێك نەبووم لەوانەی عیسایان لە خاچ دا! جولەکە و ڕۆمانییەکان ئەوەیان کرد! من هیچ پەیوەندیم بەو شتەوە نیە!) بەڵام ووشەی خودا پێمان دەڵێت کە مەسیح، **لەبەر یاخیبوونەکانمان بریندار بوو لەبەر تاوانەکانمان وردوخاشکرا بوو!** (ئیشایا ٥٣: ٥) گوناهەکانمان بووە هۆی مردنی ئەو. لە سنوور دەرچوونمان هۆی ئەوە بوو خودا ڕێگای دا مرۆڤ خۆشەویستەکەی خۆی لە خاچ بدەن! مرۆڤ عیسایان لە خاچ دا، بەڵام خودا هەڵیساندەوە لە مردن بۆ ئەوەی ببێتە ڕزگاری دەری هەموو ئەوانەی باوەڕ دێنن و دادوەری هەموو ئەوانەی باوەڕ ناهێنن. بۆیە، نووسراوە پیرۆزەکان ڕایدەگەێنێ: **هەموو کەسێک و لە هەموو شوێنێک کە تۆبە بکەن. [31] چونکە ڕۆژێکی داناوە تیایدا بەتەمایە بە دادپەروەری جیهان حوکم بدات، بە پیاوێک کە دیاری کردووە، بەڵگەشی بە هەمووان داوە کە لەنێو مردووان هەڵیستاندەوە!** (کرداری نێردراوان ١٧: ٣٠، ٣١)

بە ورياييەوە بیر بکەوە لەم ووشەیە، لەبەر ئەوەی دوارۆژی تاهەتاییت پەیوەستە بە شێوازی وەڵام دانەوەت بەرامبەری. خودا بەرەکەتدارت بکات کاتێ بیر دەکەیتەوە لەوەی نێردراو پەترۆس بانگەوازی بۆ کرد و فەرمووی،
**(هەموو پێغەمبەران شایەتی بۆ دەدەن کە هەر کەسێک باوەڕی پێ بهێنێت، بەخشینی گوناهەکانی بە ناوی ئەو دەست دەکەوێت... و ... دیاری ڕۆحی پیرۆز وەردەگرن!)** (کرداری نێردراوان ١٠: ٤٣ و ٢: ٣٨)



## گرنگترینی پرسیارەکانی ئەم وانەیە:

١. لەبیرتە دوایەمین شت چی بوو کە عیسا فەرمانی بە قوتابییەکانی کرد پێش ئەوەی سەرکەوێتە ئاسمان؟

٢. عیسا فەرمانی چی دا بە قوتابییەکانی پێش ئەوەی بچێتە ئاسمان؟

٣. ئەم ڕۆحە پیرۆزە کێیە؟